حەکیمی کوڕی حیزام(رضي الله عنه)

ناوی حەکیمی کوڕی حیزامی کوڕی خوەیلیدی کوڕی ئەسەدی ئەسەدیە، برازای خەدیجەی دایکی باوەڕدارانە، واتە خەدیجە پووری حەکیمە، کونیەکەی حەکیم ئەبوو خالیدە.[١]

سەبارەت بە ناوی دایکی هەریەك لە ناوەکانی صەفیەو فاخیتەو زەینەب هاتون.[٢]

حەکیم کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو و هاوەڵی پێغەمبەری خوای(صلى الله عليه وسلم) کرد.،[٣] کوڕێکی تریشی ناوی هیشام بوو کە ئەویش لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو و پێش باوکیشی وەفاتی کرد،[٤] کوڕێکی تری ناوی حیزام بوو کە بە ناوی باوکیەوە ناوی نابوو،[٥] کوڕێکی تریشی ناوی یەحیا بوو کە ئەویش لەگەڵ براکانی تری موسڵمان

---

١ - نفس المصدر.

٢ - نفس المصدر.

٣ - أسد الغابة، ج3، ص 217.

٤ - أسد الغابة، ج5، ص 414.

٥ - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 45.

بوو،[١] سەبارەت بە كچەكانیشی بریتی بوون لە ئومموسومەییەو ئوممو عەمر و ئوممو هیشام.[٢]

حەكیم برایەكی هەبوو بە ناوی خالید كە زۆر زوو موسڵمان بوو و لە كۆچی دووەمی حەبەشەدا یەكێك بوو لە كۆچەران، بەڵام لە رێدا مارێك گەستی و پێش ئەوەی بگاتە حەبەشە مرد.[٣]

ژنەكەی حەكیم ناوی ئوممو هیشام بوو، رایەكیش دەڵێت ژنێكی ناوی ملیكەی كچی مالیك بووە.[٤]

حەكیم سیانزە ساڵ پێش ساڵی فیل لەدایك بووە، وەك خۆی دەڵێت من سیانزە ساڵ پێش ساڵی فیل لەدایك بووم و عەقڵ و فامم هەبوو كاتێك عەبدولموتەلیب ویستی عەبدوڵای كوڕی سەرببڕێت، واتە پێنج ساڵ پێش لەدایكبوونی پێغەمبەر(ﷺ) لەدایك بووە.[٥]

---

١ - أسد الغابة، ج5، ص 485.

٢ - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 45.

٣ - أسد الغابة، ج2، ص 113.

٤ - أسد الغابة، ج5، ص 414.

٥ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 112.

سەبارەت بە لەدایکبوونەکەی، حەکیمی کوڕی حیزام لە پەنا کەعبەدا لەدایك بوو، چونکە دایکی کە سکی پڕ بوو بە حەکیمەوە لەگەڵ برێ ئافرەتدا چوویە پەنا کەعبە، ئەوەبوو لەوێ ژان گرتی و حەکیم لە پاڵ کەعبەدا لەدایك بوو.[١]

باوکی حەکیم لە جەنگی فوججاردا کوژرا، حەکیم خۆیشی لەو جەنگەدا بەشدار بوو.[٢]

حەکیمی کوڕی حیزام لە جەنگی بەدردا لە ناو سوپای بێباوەڕاندا بوو، بەڵام خوای گەورە رزگاری کرد، ئیتر بۆیە دواتر هەرکات سوێندی قورسی بخواردایە دەیوت سوێند بەوەی رۆژی بەدر رزگاری کردم،[٣] ئەوەبوو بێباوەڕان لەو جەنگەدا هێندە ترس چووبوویە دڵیان هەندێك لە سەرکردەکان چووبوونە ناو چادرێك و چەند کەسێکیان راسپاردبوو تا بیانپارێزن، یەکێك لەوانەی ناو چادرەکەش حەکیمی کوڕی حیزام بوو.[٤]

---

١ - أسد الغابة، ج2، ص 58.

٢ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 112.

٣ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 112.

٤ - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 11.

پێش ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) سروشی بۆ دابەزێت، حەكیم هاوڕێیەكی نزیكی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو و زۆر پێغەمبەری خوای خۆشدەویست، دوای دابەزینی سروشیش هەر پێغەمبەری خوای خۆشدەویست، بەڵام باوەڕی پێ نەهێنا تا لە فەتحی مەككەدا ئینجا موسڵمان بوو.[١]

جارێك حەكیم چوویە بازاڕی كۆیلەفرۆشان و لەوێ زەیدی بینی، ئەوەبوو زەیدی كڕی بۆ خەدیجەی پووری، خەدیجەش زەیدی كردە دیاری بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[٢]

حەكیمی كوڕی حیزام بۆ بازرگانی كردن دەچوو بۆ دیمەشق،[٣] ئەوەتا خۆی دەڵێت من بازرگانیم دەكرد و دەچوومە یەمەن و دەهاتمەوە بۆ شام، جا لەو بازرگانیەدا قازانجێكی زۆرم دەست دەكەوت و بەوەش یارمەتی هەژارانی ناو هۆزو كەس و كاری خۆمم دەدا.[٤]

حەكیمی كوڕی حیزام دەڵێت لە سەردەمی نەفامیدا خۆشەویستترین كەس لام پێغەمبەر(ﷺ) بوو، جا كاتێك بوو بە پێغەمبەر و كۆچی كرد بۆ

١ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 112.

٢ - أسد الغابة، ج2، ص 335.

٣ - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 44.

٤ - نفس المصدر، ج3، ص 47.

مەدینە، حەکیم لە گەشتێکیدا چوویە دەر، جلێکی جوانی(ذي يزن)ی بینی کە بە پەنجا درهەم دەفرۆشرا، حەکیم کڕی تا بە دیاری بیبات بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بردی بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) وەری نەگرت و فەرمووی(ئێمە هیچ لە بێباوەڕان وەرناگرین، بەڵام بە پارە دەمانەوێت)، ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) کردە بەری و بینیم لەسەر مینبەر بوو ئەو جلەی پۆشیبوو، قەت نەمدیبوو هێندەی ئەو رۆژە جوان دەرکەوتبێت، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) ئەو جلەی بەخشی بە ئوسامەی کوڕی زەید، حەکیم کە جلەکەی لەبەری ئوسامەدا بینی وتی ئوسامە تۆ جلی وا دەپۆشیت؟ ئەویش وتی بەڵێ، من زۆر چاکترم لە (ذي يزن) و باوك و دایکیشم زۆر باشترن لە دایك و باوکی ئەو، حەکیم دەڵێت تەواو سەرسامی ئەو قسەی ئوسامە بووبووم و بەرەو مەککە کەوتمەوە رێ.[١]

کاتێك قورەیش هەواڵیان بیست پێغەمبەر(ﷺ) بەرەو مەککە دێت، هەریەك لە ئەبووسوفیان و حەکیمی کوڕی حیزام و بودەیلی کوڕی وەرقا چوونە دەرەوە تا هەواڵێکی پێغەمبەر(ﷺ) وەربگرن، ئەوەبوو هاتن تا گەیشتنە مەڕوظەهران، لەوێ ئاگرێکی زۆر زۆریان بینی، ئەبوو سوفیان وتی ئەمە چیە؟ ئەڵێیت ئاگری عەرەفەیە، بودەیل وتی ئەبێت ئاگری بەنی

١ - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3054، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6054، صححه الذهبي في التلخيص.

عەمر بێت، ئەبوو سوفیان وتی بەنی عەمر زۆر ژمارەیان لەوە کەمترە، لەو قسانەدا بوون کە برێ پاسەوانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوانیان بینین و گرتنیان و بردنیان بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، ئەوەبوو ئەبووسوفیان موسڵمان بوو.[١]

دیارە حەکیم ئازاد کراوە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دواتر پەنای هەر کەسی دا کە بچێتە ماڵی حەکیمی کوڕی حیزام، یان ئەوەیە کە حەکیمیش ئەو شەوە موسڵمان بووە، ئەم رایەش راستترە، چونکە ئیبن ئەثیر ئەو رایەی هێناوە هەریەك لە بودەیل و عەبدوڵای کوڕی و حەکیمی کوڕی حیزام لە مەڕروظەهران موسڵمان بوون.[٢]

بەڵکو ذەهەبیش گێڕانەوەیەکی هێناوە کە تەواو مەسەلەکە روون دەکاتەوەو دەڵێت ئەبوو سوفیان و حەکیمی کوڕی حیزام و بودەیلی کوڕی وەرقا موسڵمان بوون و بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر(ﷺ) ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) ئەوانی نارد بۆ لای خەڵکی مەککە تا بانگیان بکەن بۆ لای ئیسلام.[٣]

---

١ - صحيح البخاري، الرقم 4042.

٢ - أسد الغابة، ج1، ص 256.

٣ - سير ألعلام النبلاء، ج3، ص 48.

کاتێك فەتحی مەککە کرا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد هەرکەس بچێتە ماڵی حەکیمی کوڕی حیزام ئەوە پارێزراوە، وك فەرمووی(من دخل دار حكيم بن حزام و كف يده فهو آمن)، (هەرکەس بچێتە ماڵی حەکیمی کوڕی حیزام و دەستی بگرێتەوە لە جەنگ ئەوە پارێزراو و پەنادراوە)، ماڵی حەکیمی کوڕی حیزامیش لە خوارووی مەککەوە بوو.[١]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە پێغەمبەر(ﷺ) پێش ئەوەی فەتحی مەککە بکات فەرمووی چوار کەس هەن لە قورەیش هیوام هەیە دوور بگرن لە شیرك و موسڵمان بن، عتابی کوڕی ئوسەید و جوبەیری کوڕی موطعیم و حەکیمی کوڕی حیزام و سوهەیلی کوڕی عەمر، ذەهەبی دەڵێت دەی هەر چواریان موسڵمان بوون و بە چاکیش موسڵمان بوون.[٢]

حەکیم یەکێك بوو لە دڵراگیر کراوان، دواتریش بەشداری کرد لە غەزای حونەیندا و پێغەمبەر(ﷺ) سەد وشتری لە دەستکەوتەکانی ئەو غەزایە بەخشی بە حەکیم.

موسڵمانبوونی حەکیم بە ساغ و دروستی بوو.[٣]

---

١ - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 7094، صححه الحافظ ابن حجر في الإصابة، ج2، ص 112.

٢ - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 47.

٣ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 112.

حەکیم دەڵێت جارێك داوای شتم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش پێی بەخشیم، ئینجا هەمدی داوای هی ترم لێکرد و ئەیوش پێی بەخشیم، بۆ جاری سێیەمیش لێم داواکرد و هەمتر پێی بەخشیم، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووم(يا حكيم، إن هذا المال خضرة حلوة، فمن أخذه بسخاوة نفس بورك له فيه، ومن أخذه بإشراف نفس لم يبارك له فيه، كالذي يأكل ولا يشبع ، اليد العليا خير من اليد السفلى)، (ئەی حەکیم ئەم ماڵ و سامانە –سەوز–جوان و شیرینە، جا هەرکەس بە دەروونی سەخاوەتەوە–واتە بیٚ پاڕانەوەو فرت و فێڵ و بە پاکی دەستی بکەوێت– وەری بگرێت بەرەکەتی تێدەکەوێت بۆی، هەرکەسیش بە چاوچنۆکیەوە وەریگبرێت ئەوە بەرەکەتی تێناکەوێت بۆی، وەك ئەو کەسەی هەر دەخوات و تێر نابێت، دەستی باڵا چاکترە لە دەستی نزم)، حەکیم دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق نادرووە دوای تۆ تا رۆژی مردنم داوا لە کەس ناکەم، ئیتر ئەوەبوو کاتێك ئەبووبەکر بووبوو بە خەلیفە حەکیمی بانگ دەکرد تا مووچەو بەخششی پێبدات کەچی حەکیم ئامادە نەبوو وەریبگرێت، پاشانیش کە عومەر هات بە هەمان شێوە، بۆیە عومەر ئەیوت ئەی گرۆی موسڵمانان من ئێوە بە شاهید دەگرم بەرامبەر بە حەکیم، وا من

مافەکەی خۆی دەخەمە بەردەستی و ئەویش ئامادە نیە وەریبگرێت، ئەوەبوو حەکیم بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر.[١]

حەکیم دەڵێت جارێك وتم بە پێغەمبەر(ﷺ) ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من لە سەردەمی نەفامیدا بڕێ خێرم دەکرد بە نیازی نزیکبوونەوەم لە خوا وەك بەخشین یان ئازادکردنی کۆیلە و پەیوەندی خزمایەتی، ئایا هیچ پاداشتێکم دەست دەکەوتێت لەوانەدا؟ ئەیوش فەرمووی(أسلمت على ما سلف من خير)،[٢] (لەسەر ئەو چاکەی پێشووترتەوە موسڵمان بوویت) واتە چاکەی پێشووت بۆ هەیە، بۆیە حەکیم وتی ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) شتێك کە لە سەردەمی نەفامیدا کردومە هەر دەبێت لە ئیسلامیشدا بیکەم، حەکیم لە سەردەمی نەفامیدا سەد کۆیلەی ئازاد کردبوو، سەد قوربانیشی کردبوو، بۆیە بە موسڵمانبوونیشی هەمان شتی دووبارە کردەوەو سەد کۆیلەی ئازاد کرد و سەد قوربانیشی کرد.[٣]

---

١ - صحيح البخاري، الرقم 1414، صحيح ابن حبان، الرقم 3279، سنن الترمذي، الرقم 2446، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 7404، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3011.

٢ - صحيح البخاري، الرقم 1380 واللفظ له، صحيح مسلم، الرقم 200، مستخرج أبي عوانة، ارقم 159، صحيح ابن حبان، الرقم 330، السنن الكبرى لبيهقي، الرقم 17010، مسند احمد بن حنبل، الرقم 15028، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3015. الإيمان لابن منده، الرقم 390.

٣ - مستخرج أبي عوانة، ارقم 161.

حەکیمی کوڕی حیزام دوای سەردەمی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا.

کاتێك زوبەیری کوڕی عەووام مرد و قەرزێکی زۆری لەسەر بوو، عەبدوڵای کوڕی گەیشت بە حەکیم و پرسیاری لێکرد سەبارەت بە قەرزی باوکی، ئەویش وتی قەرزی زۆری لەسەرە، ئینجا وتی ئەگەر پێویستتان بە پارە بوو پێم بڵێن تا هاوکارتان بم،[١] ئاخۆ زوبەیر ئامۆزای حەکیم بوو.[٢]

دەوترێت کاتێك عوسمانی کوڕی عەففان شەهید کرا، حەکیمی کوڕی حیزام نوێژی لەسەر کرد، رایەکیش دەڵێت بەڵکو جوبەیر نوێژی لەسەرکرد،[٣] ئیبن سەعد دەقێکی هێناوە کە مەسەلەکە روون دەکاتەوە، دەڵێت جوبەیر نوێژی لەسەر کرد و لە دوایەوە هەریەك لە حەکیم و ئەبوو جهم و نیاری ئەسلەمی و نائیلەی کچی فرافصە و ئوممولبەنین نوێژیان دەکرد،[٤] ئینجا حەکیم یەکێك بوو لەوانەی بەشدار بوو لە ئەسپەردەکردنی تەرمەکەیدا.[٥] چەندێك لەو هاوەڵانەی وتمان چوونە ناو گۆڕەکەوەو حەکیم

---

١ - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 109.

٢ - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 44.

٣ - أسد الغابة، ج3، ص 616.

٤ - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 78.

٥ - أسد الغابة، ج6، ص 62.

و ئوممولبەنینی ژنی عوسمانیش تەرمەكەیان دەدایە دەستیان و شۆڕیان دەكردەوە بۆ ناو گۆڕەكە.[١]

دارووننەدوە دەبوو تەنها كەسانێك بچنە ناوی كە تەمەنیان لە چل ساڵ كەمتر نەبێت، كەچی حەكیمی كوڕی حیزام هێندە شارەزا و هەڵكەوتە بوو كە لە تەمەنی پانزە ساڵیەوە چوویە ناو دارووننەدوەوە.[٢]

لە سەردەمی موعاویەی كوڕی ئەبوو سوفیاندا حەكیم دارووننەدوەی فرۆشت بە موعاویە بەرامبەر بە سەد هەزار درهەم، چونكە هەر لە كۆنەوە دارووننەدوە لە دەستی ئەودا بوو، جا عەبدوڵای كوڕی زوبەیر سەركۆنەی كرد و وتی بۆچی فرۆشتووتە؟ ئەویش وتی برازا گیان من بەوە لە بەهەشتدا خانوویەك دەكڕم، ئەوەبوو هەموو پارەكەی كرد بە خێر.[٣]

سەبارەت بە كاتی مردنی حەكیمی كوڕی حیزام راجیایی هەیە، رایەك دەڵێت لە ساڵی پەنجای كۆچی مردووە، رایەكی تر دەڵێت لە ساڵی پەنجاو چوار، یان لە ساڵی پەنجا و هەشت، یان لە ساڵی شەستی كۆچیدا مردووە، دەوترێت نزیكەی سەد و بیست ساڵ ژیاوە، نیوەی لە سەردەمی نەفامیدا و

---

١ - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 79.

٢ - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 50.

٣ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 112.

نیوەکەی تری لە سەردەمی ئیسلامدا بردووەتە سەر، وەك بوخاری دەڵێت لە ساڵی شەستی کۆچی و لە تەمەنی سەد و بیست ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.[١]

ذەهەبی دەڵێت بەڵکو تەنها چل و ئەوەندە ساڵ بە موسڵمانی ژیاوە.[٢]

بەڵام ئەگەر ساڵی لەدایك بوونەکەی حساب بکەین، ئەوا پێنج ساڵ پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر(ﷺ) لەدایك بووە، تەمەنی پێغەمبەریش(ﷺ) شەست و سێ ساڵ بووە، واتە لە کاتی وەفاتی پێغەمبەردا(ﷺ) تەمەنی نزیکەی شەست و هەشت ساڵ بووە، ئەگەریش لە ساڵی شەستی کۆچی وەفاتی کردبێت، واتە چل و نۆ ساڵ داوی وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) مردووە، واتە ئەو کات تەمەنی دەکاتە نزیکەی سەد و حەڤدە ساڵ، بۆیە یان دەبێت لەو تەمەنەدا مردبێت، یان دەبێت راستتر ئەوە بێت کە هەشت ساڵ پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر(ﷺ) لەدایك بووبێت.

دەوترێت کاتێك حەکیم سەرە مەرگی هات دەیوت لا إله إلا الله، ئەی مردن من لە تۆ دەترسام، کەچی وا ئێستا ئاواتت پێ دەخوازم.[٣]

---

١ - نفس المصدر.

٢ - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 45.

٣ - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 50.

حەكیمی كوڕی حیزام نزیكەی چل فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە كە چوار لەو فەرموودانە هەریەك لە ئیمامی بوخاری و موسلیم لە صەحیحەكانیاندا هێناویانن.[١]

حەكیمی كوڕی حیزام دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(أفضل الصدقة عن ظهر غنى، واليد العليا خير من اليد السفلى، وابدأ بمن تعول)،[٢] (چاكترین خێر ئەوەیە بە پەنهانی بێت، دەستی باڵایش باشترە لە دەستی نزم، هەروەها لە پێویستیەكانەوە دەست پێ بكە).

پەندو وانە:

مەسەلەیەكی زۆر گرنگ هەیە كە لای زۆرێك لە موسڵمانانی ئەمڕۆ یان لە زارەكان تێپەڕ ناكات یان هەندێكیان تەنانەت بە زاریش دەری نابڕن، ئەویش مەسەلەی بوونی بەرەكەتە لە ڕۆزی و ساماندا، چونكە سامان هەرچەندە زۆر بێت ئەوا هێشتا بەبێ بوونی بەرەكەت سوودی نابێت، ئیتر هەمان نموونەكەیە كە پێغەمبەر(ﷺ) باسی كردووە وەك ئەوەی هەر دەخوات و تێر نابێت، هەروەها حەسەنی كوڕی عەلی دەڵێت

---

١ - نفس المصدر، ج3، ص 51.

٢ - صحيح مسلم، الرقم 1778 و اللفظ له، صحيح البخاري، الرقم 1372.

پێغەمبەر(ﷺ) چەند نزایەكی فێر كردم تا لە قنووتی ویتردا بیانڵێم: (اللهم اهدني فيمن هديت... و بارك لي فيما أعطيت)، بەڵێ نزای بەرەكەت بۆ رۆزی فێر كردووە، دەوڵەمەندیش لە زۆری سامانـدا نیە، بەڵكو دەوڵەمەندی لە دەوڵەمەندی دەروونداية، وەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت(ليس الغنى عن كثرة العرض ، ولكن الغنى غنى النفس).[١]

موسڵمان ترسی لە مەرگ نیە، پێچەوانەی كەسی باوەڕدار كە هەمیشە لە مردن رادەكات و ترسی مەرگی هەیە تا ئەو كاتەی تەواو بێزار دەبێت لە ژیان ئینجا ئاواتەخوازی مەرگ دەبێت، بەڵام مەسەلەی مەرگ لە ئیسلامدا پەیامی تایبەتی لەسەرە، ئەویش ئەوەیە مەرگ لە ئیسلامدا شتێكی خوازراو و بێزراویش نیە، مرۆڤی موسڵمان نابێت لە هیچ بارێكاد داوای مەرگ بكات و داواكردنی مەرگ حەرامە، بەڵام ئەگەر مەرگ بەرەو رووی هات ترسی لێی نابێت و تەنها بە نێوەندێكی نێوان ژیانی دنیا و ئاخیرەت تەماشای دەكات، بە گەڕانەوە بۆ لای خوای دەزانێت، نەك بە لەناوچوونی مرۆڤ، بۆیە دەبینین هاوەڵان لە سەرەمەرگیاندا نەترسانە كۆتا ساتەكانیان

١ - صحيح البخاري، الرقم 6090، صحيح مسلم، الرقم 1805، صحيح ابن حبان، الرقم 680، سنن ابن ماجة، الرقم 4134، سنن الترمذي، الرقم 2352، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 11356، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 7363، مسند أبي يعلى المصلي، الرقم 6126، المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 7410.

بردووەتە سەر، هەمان گوتەی حەکیمیش دەربڕی دوو باری جیاوازی پێش موسڵمانێتی و پاش موسڵمانێتیە، پێش موسڵمانێتی لە مەرگ رایدەکرد و پاش موسڵمانێتی لە سەرەمەرگیدا خۆشحاڵە کە بەرەو لای پەروەردگار دەگەڕێتەوە.

لە ئیسلامدا سیستمی چینایەتی و جیاوازی بەرزی نێوان چینەکان رێپێدراو نیە، بۆیە ئەوەی لای رێبازە فەلسەفیە جیاجیاکانی تر رەوایە و بە شتێکی ئاسایی و حەتمی تەماشا کراوە کە سیستمی چینایەتی هەبێت، لە ئیسلامدا بێزراو و قبووڵ نەکراوە، ئەوەتا حەکیم سەری سوڕ دەمێنێت چۆن ئوسامەیەکی تازە پێگەیشتوو بۆی هەیە جلێکی ناوازەی تایبەت بە سەرکردەی دەوڵەتی ئیسلامی بپۆشێت، بەڵام ئوسامە تێیدەگەیەنێت ئەو سەرکردە ناموسڵمانەی پێشتر ئەم بەرگەی کردوەتەبەری و حەکیم بە گەورە تەماشای کردووە زۆر ئاستی نزمترە لەم، چۆن ئاستی نزمتر نەبێت لەکاتێکدا بڕوای نیە بە خوای تاقانەو لە ئاست دەسەڵاتی خوادا چاوی خۆی کوێر کردووە.